# پێشمەرگە خۆبەخشەکان پشتگیریی لە سەرخستنی ریفراندۆم دەکەن




پێشمەرگە:

## ئێمە بەڵێنمان داوە بە گیان پارێزگاری لەم خاکە بکەین، چۆن دەنگ بە سەربەخۆبوونی نادەین..؟!

**خەبات/ تریفە ئازاد:** گەلی کورد سەدان ساڵە خەبات دەکات و لە شۆڕشە یەک لە دوای یەکەکان دوژمنان ویستویانە خاکی پیرۆزی کوردستان داگیر بکەن، بەڵام بە ورەو بازووی پێشمەرگە خاکی پیرۆزی کوردستان پاراستووە نەیان هێشتووە ئەو خەونەی دوژمنان بەدی بێت ئێمەی کورد لە هەرکاتێک بووبێت کوردستان مەترسی لەسەر بوبێت ئەوا بێ هەست کردن بە بەرپرسیارەتی پێشمەرگە چەکی لە شان کردووە بەرگری لە خاکی پیرۆزی کوردستان کردووە لەگەڵ هاتنی تیرۆستانی داعش بە سەدان کەس خۆبەخشانە چوونە سەنگەری بەرگری لە خاک ونیشتمان تا ئەمڕۆش لە پاراستنی خاک بەردەوامن.لە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی خەبات پێشمەرگە خۆبەخشەکان پشگیری لە سەرخستنی پرۆسەی ڕیفراندۆم دەکەن و دەڵێن ئێمە خوێنمان بۆ ئەو خاکە ڕشتووە بەرگری لێ دەکەین و دەنگ بە بەڵی دەدەین.

محمد سورچی فەرماندەی هێزی خۆبەخش لە فەرماندەی سەفین بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: ئێمە 3ساڵی ڕابردوو شەڕی گەورەترین تیرۆستانی داعشان کرد بەرگریمان لە خاک و نیشتمان کرد لەم پێناوە خوێنمان بەخشی و بە ئاڵا و خاکی پیرۆزی کوردستان شەهید و بریندارمان دا بۆ ئەوەی ئەم خاکە داگیر نەکرێت و ئازاد بین، بۆیە ئەمڕۆ بەڵێین بە شەهیدەکانمان دەدەین و دەڵێین خوێنی ئێوە بەفیرۆ ناچێت و دەڵێین بەڵی بۆ سەربەخۆیی، دەڵێین ئێمە 182 هەزار ئەنفالمان داوە 4500 گوندمان وێرانکراوەو سووتاوە، ئاوارە بووینە و بە سەدان لاو و پیرمان لە زیندانەکانی بەعس لە سێدارەدراون و زیندە بەچاڵکراون، بۆیە بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەو نەهامەتیانە نەبینین بە مافی خۆمانی دەزانین هەموومان لە ٩/٢٥ کە ڕۆژێکی پیرۆزە پێکەوە بچینە سەر سندوقەکانی دەنگدان و دەنگ بە بەڵێ بدەین، بۆ ئەوەی دڵی دایکی شەهیدان خۆش بکەین و پێیان بڵێن ئەوە خوێنی ڕۆڵەکانتان بە فیرۆ نەڕۆیی، بەڵێن بە سەرۆک بارزانی دەدەین و دەڵێین ئەوە ئێمەین هەمیشە بۆ سەرخستنی کوردستان بە گیان لەگەڵتین و ناهێڵن دووژمن خاکمان داگیر بکات، بۆیە داواکارم هەموومان لە 25ی ئەیلول ئاهەنگی سەرکەوتن بگێڕن.

وەجی مجید پێشمەرگەی خۆبەخش لە میحوەری خازر لەسەر پرسی سەربەخۆی دەڵێت: من وەک پێشمەرگەیەکی خۆبەخش لە سەنگەری بەرگری لە خاک و نیشتیماندا ئامادەم دەنگ بە بەڵی بدەم، چونکە ئێمەی کورد هەموو کات قوربانیمان داوە بۆ ئەوەی بە ئازادی بژین و نەهێڵین کەس خاکمان داگیر بکات، من لە شەڕی داعش خۆبەخشانە چوومە سەنگەری بەرگری و خاکی کوردستانمان پاراست لە دژی هاتنی تیرۆرستانی داعش و برینداریش بووم تەنها بۆ ئەوەی کە سەربەخۆ بژین و ژێر دەستە نەبین، بۆیە لە 25- 9دەنگم بەلێ دەبێت و وەک هەمیشە پێشمەرگە ئاسا بەرگری لە خاکم دەکەم چونکە 25- 9 ڕۆژی سەرکەوتنی گەلی کوردە.

ئەردەلان عەبدولڵلا ئەویش پێشمەرگەیەکی تری خۆبەخش بوو بۆ رۆژنامەی خەبات گوتی: من کە پێشمەرگەم و خوێنم بۆ پاراستنی ئەم خاکە ڕشتبێت و بەرگری لێبکەم بێگومان دەنگیش بە بەڵێ دەدەم، چونکە ئێمە لەوەتەی هەین خاکمان داگیر دەکرێت و دەیانەوێ ژێر دەستە بین بەڵام گەلی کورد بەرگری لە خاکی خۆی دەکات و ناهێلێت دووژمن داگیری بکات ئەوەتا ئێمەی پێشمەرگەی خۆبەخش لەگەڵ هاتنی تیرۆرستانی داعش خۆبەخشنانە لە سەنگەرین و خاکی کوردستان دەپارێزین، ئەمرۆش کە کاتی دیاری کردنی چارەنوسمانە دەنگ بە بەڵێ دەدەین و دەڵێین بەڵی بۆ سەربەخۆی کوردستان و نا بۆ ژێر دەستەیی و داگیر کاری.

جەردیس قەهار ئەو پێشمەرگەیە بوو کە ماوەی سێ ساڵە خۆبەخشانەو بە ئیرادەی بەهێزەوە بەرگی لە خاکی پیرۆزی کوردستان دەکات و لە بارەی پرس ریفراندۆم بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: ئێمە سێ براین هەرسێکمان خۆبەخشین و لە سەنگەری بەرگری دا دژی تیرۆرستانی داعش و داگیر کەران وەستاوین ئێمە بەڵێنان داوە کە بە خوێن پارێزگاری لەم خاکە بکەین ئەمڕۆش بۆ سەرخستنی پرۆسەی ڕیفراندۆم بەڵێن بە سەرۆک بارزانی دەدەین کە بە خوێن ئەم پرۆسە گرینگ و چارەنووس سازە سەربخەین.

# ریفراندۆم و نانەکەی من!



**فەرهاد بلباس**

که باسی ریفراندۆم و گشتپرسی دەکرێت، چەندین بۆچوونی جیاواز و کۆمەڵێک پرسیار خۆی دەخزێنێتە ناو هزر و هۆشی مرۆڤەوە. ئاخۆ کاردانەوەی وڵاتە دراوسێکانمان چۆن دەبێت؟ تۆ بڵێی سنوورەکان بەرووماندا دانەخەن؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری دیکە، کە دەبینین لە هەندێک میدیاکاندا رەنگی داوەتەوە و بۆتە باسی رۆژ.

ئەو گشتپرسییەی ئەمڕۆ هەموو جیهانی بەخۆوە سەرقاڵ کردووە هەتا رادەیەکیش وەک چیرۆکی ئەو نانە بەراورد دەکەم کە چۆن لەکاتی برسی بوونمدا پەیدام کرد.

لە کۆڕەوەکەی ساڵی 91 وەکو ئەو هەموو خەڵکە لە خانەوادەکەم دابڕام. ئێوارەیەک لە ژێر رەحمەتی باراندا برسییەتی تەنگی پێهەڵچنیبووم و بە سکی برسی و هیلاکییەوە رێگەم کەوتە گوندێکی نزیک سنووری ئێران، بینیم ئافرەتێک خەریکی نان کردنە چوومە لای داوای نانێکم کرد و وتم "لەبرساندا هێزم نەماوە." وتی؛ "ئەم گوندەی ئێمە سەر رێگایە ئەگەر دڵم نەرم بکەم، ئەوا منداڵەکانی خۆم لە برسان دەمرن، چونکە ئەگەر وانەکەم هەرچی نانم کردووە دەبێ بیدەم بە ئێوە." وەڵامێکی زۆر ناخۆش و رەق بوو، بەڵام برسیەتی و بۆنی نانەکە وایلێکردم کۆنترۆڵم لەدەست بدەم و نانێکم بەزۆرداری لەسەر ساجی نانکردن رفاند و لە نزیک ئافرەتەکە دانیشتم تا نانەکەم تەواو خوارد. ئافرەتەکەش بەچاوێکی تووڕەو زۆر بە خراپی سەیری دەکردم وەک ئەوە دەهاتە بەر چاوم باپیرە گەورەی ئەوم کوشتبێ و دەسەڵاتی بەسەرمدا نەشکێ. دوای ئەوەی تۆزێ لە ئاوی ئەو کانییەشم خواردەوە کە ئافرەتەکە لە قەراغیدا نانی دەکرد، هەستامە سەرپێم برۆم، ئافرەتەکە وتی؛ "کوڕم نۆشی گیانت بێت وەرە ئەم نانەش ببە هەتا دەگەیە شوێنێک."

هەر بۆیە بۆچوونی من لەسەر گشتپرسی وەکوو چیرۆکی من و ئەو ئافرەتە وایە، دواجار دوای سەرکەوتنی پرۆسەکە وڵاتان و دۆست و دوژمنەکانمان پێمان دەڵێن دەستتان خۆش بێت و نۆشی گیانتان بێت.

پڕوپاگەندەکانی بەشێک لە میدیاکان و ئەو گرووپەی (نەخێر) قسە زۆر هەڵدەگرێت، لەبەر ئەوەی یارییەکەیان ئاشکرایە و ئەمەش بۆ مێژوو جێدەهێلین. هەرچەندە نەخێر لە ئێستادا تەنها بۆ ئێستا نییە، بەڵکو بۆ چەندین ساڵێترە، لەبەر ئەوەی ئاغاکانیان بەم جۆرە فەرمانیان پێکردوون و بەو بەرنامەیەی کە بەدژی دەوڵەت بوون و کوردستان دایانڕشتووە و پێیان وایە هیچ کات گونجاو نیە بۆ ریفراندۆم و گشتپرسی. خۆشمان ئەوە زۆر باش دەزانین مەحاڵە رۆژێک هەبێت لە ئەمڕۆ باشتر کە بتوانین بڵێین کاتێکی گونجاوە، ئەگەر چاوەڕوانی کاتی گونجاو بکەین ئەوا هەتا مردن هەردەبێ چاوەڕوان بین. بەڵام ئیرادەی کوردستانیان لە دەرەوە و ناوە ئەوەمان پێ دەڵێت؛ سوور بوون لەسەر ئەم گشتپرسییە وەفادارییە بۆ خوێنی هەزارەها رۆڵەی ئەم وڵاتە و سڕینەوەی فرمێسکی دایکی شەهیدەکانە و وەڵامێکی روونیشە بۆ ئەو کەسانەی کە دەڵێن نەخێر لە ئێستادا و لەگەڵ پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق دان.